سەید حەکیم گرنگی حەشدی شەعبی وەك بەشێکی سیستەمی ئەمنی عێراقی دووپات دەکاتەوە

لە میانەی گەشتەکەی بۆ پارێزگای نەجەفی ئەشرەف سەماحەتی سەید عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت سەردانی بارەگای حەشدی شەعبی لە پارێزگاکە کرد وچاوی بەکۆمەلیك سەرکردە و شەڕکەرەکان کەوت و سەرەتا پیرۆزبایی جەژنی غەدیری لێکردن و گرنگی وەفایانی بۆ ئەهلی بەیت (سڵاویان لێبێت) دووپاتی کردەوە.

لە میانی دیدارەکەدا، بەڕێز حەکیم ئاماژەی بە یاسا ئیلاهییەکان کرد کە دووپاتی دەکەنەوە کە دەرفەتەکان لە سکی ڕەکابەرییەکان لەدایک دەبن، بە ئاماژەدان بە سەرهەڵدانی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و داگیرکردنی خاک و وەبیرهێنانەوەی ڕۆڵی مێژوویی دەسەڵاتی باڵای ئایینی و فەتوای بەناوبانگی خۆی لە بارەی بەرگریی تەواو..

سەید حەکیم جەختی لە گرنگی یاسای هێزەکانی حەشدی شەعبی کردەوە لە پاراستنی سیستەمی سیاسی و پاراستنی ئەم دامەزراوە ئەمنییە وەک بەشێک لە ئامێری ئەمنی و لەژێر فەرماندەیی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکاندا. بەڕێزیان دەستخۆشی لەو هەنگاوانە کرد کە بۆ سنووردارکردنی چەک لە دەوڵەتدا گیراونەتەبەر، هەروەها داوای دابینکردنی چاودێری بۆ کەسوکاری شەهیدان و دابەشکردنی پارچە زەوییە خزمەتگوزارییەکان بەسەریان و ، دڵنیابوون لەوەی ئەم پارچە زەویانە ژیانێکی شکۆمەندانەیان پێشکەش دەکەن...